بێگومان (ئەو سنوورەی وەستاوە) لەنێوان مرۆڤ -و- کوفر وشیرك ؛ وازهێنانە لەنوێژکردن

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «بێگومان (ئەو سنوورەی وەستاوە) لەنێوان مرۆڤ -و- کوفر وشیرك ؛ وازهێنانە لەنوێژکردن».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری داوە سەبارەت بە وازهێنان لە ئەنجامدانی نوێژی فەرز، وفەرموویەتی ئەو سنوورەی وەستاوە لەنێوان مرۆڤ -و- کوفر وشیرك ؛ بریتیە لە وازهێنان لە نوێژکردن، پایەی دووەی ئاینی ئیسلام ؛ نوێژکردنە، وبابەتێکی زۆر مەزنە لە ئیسلامدا، هەرکەسێك نکۆڵی لەواجب بوونی نوێژ بکات ؛ کافرە بەیەکدەنگی زانایان، وهەرکەسێك بەهۆی تەمەڵیەوە بەتەواوی واز لەنوێژکردن بهێنێت ؛ کافرە، وبەکدەنگی هاوەڵان لەسەر ئەم بابەتە باسکراوە، وئەگەر جاروبار نوێژ بکات وجاری تر وازی لێبهێنێت ئەوا خۆی تووشی ئەم هەڕەشە توندە کردووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65093